Revolutionareis Union of Kurdistan

Central Committee

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

کۆمیتەی ناوەندی

## له کوردستان

## زیندانیەکی سیاسی دیکەش ئێعدام کرا

سەر لەبەیانیی رۆژی یەکشەممە یازدەی رەشەمەی ٢٧٠٢ی‌کوردی، دووهەمی ئاداری ٢٠٠٣ی زایینی، "محەمەد گولابی" خەڵکی سەقز، لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ئێعدام کرا. محەمەد گولابی ٤ ساڵ لەمەوبەر لە لایان بەرێوەبەرایەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی لە سەقز، دەسگیر کرابوو و هەر لەوکاتەوە دادگای شۆڕشی ئیسلامی رێژیم حوکمی ئێعدامی بۆ بڕیبووەوە.

کاربەدەستانی ئیجرای ئەحکامی زیندانی سەقز، پاش ئێعدام کردنی ناوبراو، بەنهێنی و بەبێ بەجێهێنانی رێوشوێنە شەرعیەکان، هەر بە جل و بەرگەکەیەوە، لە گۆڕستانی "Âیچی" خستبویانە قووڵکێکەوە و سەریان نابووەوە. پاش چەن سەعاتێك بنەماڵەکەی تەرمی خۆشەویستەکەیان دەردێننەوە و دوای شۆردن و کفن کردن، لە نێو خەم و پەژارەدا بەخاکی دەسپێرن. "محەمەد گولابی" هاوسەر و ٤ منالی لەپاش بەجێماوە.

ئێعدامی "محەمەد گولابی"، بێجگە لەوەی تۆڵە ئەستاندنەوەی سەرانی تاوانباری کۆماری ئیسلامیە لە خەڵکی کوردستان سەبارەت بە تەحریمی شانۆی هەڵبژاردنەکەیان، درێژەی ئەو کوشت و بڕەیە کە لەسەر زیندانیانی سیاسی کورد بەرێوەی دەبەن.

ئامانجی ئەوان لە خولقاندنی ئەو تاوانانە، توند کردنەوەی زەبر و زەنگ لە کوردستان و ترساندنی کۆمەلانی گەلی کوردە کە قۆناغێکی دیکە لە خەبات بۆ ئازادییان دەسپێکردوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانRUK، بە توندی ئەم تاوانە مەحکوم دەکا و لەگەڵ بنەماڵە و کەسوکاری محەمەد گولابی هاودەردی دەردەبڕێ. RUK هەروەها داوا لە هەموو دامەزراو و رێکخراوەکانی لایەنگری مافەکانی مرۆڤ دەکا کۆماری ئیسلامی بۆ دەسهەڵگرتن لە ئێعدامی زیندانیانی سیاسی کورد، بخەنە ژێر گوشارەوە.

کۆمیتەی ناوەندیی

یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان

١٣/ رەشەمەی ٢٧٠٢

٤/ ئاداری ٢٠٠٣

www. ruk2691. org
ruk2691@hotmail. com
tel: 00447028601000 2226682

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت